# چاككردنی سستەمەكانی هەڵبژادن
# سستمی هەڵبژاردنی تێكەلێ كراوە بە دوو قۆناغ: وەك نموونە

ن.عادل ئەللامی و. عەبدولكەریم شوانی

رێگاو سستمەكانی هەڵبژاردن لە ولأتێكەوە بۆ ولأتێكی تر جیاوازە بە پێی باری كۆمەلأیەتیو ئابووریو رۆشنبیریو سیاسی كە ئەویش بە پێی ئلستی پێشكەوتنی شارستانیو ئلستی رۆشنبیریو هۆشیاری سیاسی گەلانو نەتەوەكانە. چاكترین یان گونجاوترین سستمی هەڵبژاردن ئەو سستمەیە كەوا كەمترین خەوشی هەبێت، واتە خەوشەكانی كەمتر بێت لە چاكیەكانی، بەوپێیەی كە هیچ سستمێكی هەڵبژاردن نییە چاكیو خراپی نەبێت ئەمە لەرووی كردەییو واقیعەوە، بەلأم لە رووی رەواییو دەستووریو مرۆڤایەتییەوە( مافی مرۆڤ) چاكترین سستم ئەو سستمەیە كە زۆرترین پلەی دیموكراسی راستەوخۆ بەدەست بێنێو كەمترین پلەی دیموكراسی نارلستەوخۆی نوێنەرایەتی تیا بێت.

وەك ئاشكرایە دیموكراسی سێ وێنەی هەیە كە ئەمانەن:

**دیموكراسی راستەوخۆ**

**دیموكراسی نیمچە راستەوخۆ**

**دیموكراسی ناراستەوخۆ**

دیموكراسی راستەوخۆ گەل بەشێوەیەكی رلستەوخۆو بەبێ (وەسیت) مومارەسەی سەروەری خۆی تیادا ئەكلت، بەلأم ئەمە چەندین سەدە ئەبێت لەسایەی ئەو ولأتانەی كە ژماری دانیشتوانیان بە ملیۆنو تەنانەت هەندێ ولأت هەیە ئەگەنە ملیارێك، پراكتیزەكردنی زۆر ئەستەمە، چونكە پێویستە لەهەموو هەنگاوێكدا كە دەسەلأتداران ئەینێن گەل رلستەوخۆ دەنگی خۆی بدلت، ئەمەش ئەوە ئەگەیەنێ كە ئەبێ لەلایەن گەلەوە راپرسی بكرێت لەسەر هەموو وردوو درشتێك كە پەیوەندی بە دەولەتەوە هەبێت، وەك راپرسی لەسەر یاسا یان هەر گرێبەستێكی هاوپەیمانی یان تەشریعكردنی سستم یان هەر گرێ بەستێك لەگەلْ هەركۆمپانیایەكدا بێت بە مبەستی جێ بەجێ كردنی پرۆژەیەكی گشتیی یان دانانی پرۆگرامی خوێندن یان دامەزراندنی وەزیرێك.... هتد، لەبەر ئەوەیە ناچار رێگاچارەیەكی تر ئەگیردرێتە بەر، ئەویش (نوێنەرایەتییە) كە بە جۆری دووەمی نارلستەوخۆ ئەژمێردرێ، من خۆم ئەگەر رێگام پێ بدرێ ناو لە دیموكراسی راستەوخۆ ئەنێم (دیموكراسی چەپ)و دیموكراسی نلراستەوخۆ ش بە(دیموكراسی راست)ناو ئەنێم، شێوازی سێیەمیش هەیە كە ئەویش دیموكراسی نیمچە راستەوخۆیە واتە ( دیموكراسی ناوەند)كە ئەمەیان تێكەلە لەنێوان مومارەسەكردنی سەروەری گەل بە وی نوێنەرەكانیانەوەو مومارەسەكردنی سەروەری بە شێوەیەكی رلستەوخۆ بە بێ (وەسیت) ئەویش بەوای رۆلی

چاودێری راستەوخۆ لەسەر پەرلەمانو حکومەت، ئیاردەکانی ئەم جۆرە مومارەسە میللیە رلستەوخۆیە(راپرسی میللیو پێشنیاری میللیو نارەزایی میللی)یە چەمکی دیموکراسی رلستەوخۆی ئەفلاتونی کە ئاماژەمان پێکرد چەندین سەدەیە لە ناو چووە لە بەر ئەوەی پراکتیزەکردنی لە کۆمەڵگاکانی ئیستادا کە ژمارەی دانیشتوانیان چەندین ملیۆنە وەك باسمان کرد، زۆر ئەستەمە، لەوانەیە لە هەندێ خێڵی سنووردارادا یان لە گەرەکی بچووکدا یان لەهەندێ حاڵەتی دەگمەندا تا رادەیەك بتوانری پراکتیزە بکرێ، بۆ نموونە کەسەکانی ناو خێڵەکە کۆ ئەبنەوە بۆ ئەوەی دەنگ بدەن بەو بڕیارەی کە سەرۆکی هۆزەکەیان پێشنیاری کردووە، وەك بڕیاری (کۆچکردن)،چەمکی راستەوخۆی ئەفلاتوونی کە ناوم لێنا ( دیموکراسی چەپ) بوو بە ( چەمکی دیموکراسی رلستەوخۆی هاوچەرخ)، گەل خۆیان نوێنەرەکانیان بۆ پەرلەمان هەڵئەبژێرن، کە ناوم لێنا ( دیموکراسی راست)، ئەم جۆرە دیموکراسیە هاوچەرخەی دوایی بەسەر سێ شێوازی سەرەکیدا دابەش ئەبێت:

یەکەم: شێوازی هەڵبژاردنی راستەوخۆ، شێوازی دیاریکردن، واتە رلستەوخۆ بەناو دەنگ بەو کاندیدانە ئەدەن بەبێ ئەوەی پێوستی بە (وەسیت) هەبێت تا ئەم کارەیان لە جیاتی ئەنجام بدات، ئەلێرەدا ئەتوانم ئەم جۆرە دیموکراسییە ناو بنێم ( چەپی راستی دیموکراسی) ئەمجۆرەیان مومارەسەی چەند سستم یان چەند رێگای هەڵبژارادن ئەکات، هەر بۆ نموونە، سستمی کاندیدی تاك یان سستمی زۆرینەی رەها یان زۆرینەی سادە یان زۆرینەی رێژەیی یان سستمی لیستی پاشکۆ یان کراوە یان سستمی تێکەڵ، کە کاندیدی تاكو لیستی کراوە پێکەوە کۆ ئەکاتەوە...هتد

دووەم: شێوازی هەڵبژاردنی ناراستەوخۆ، واتە کاتێ گەل سەرپشك ئەکرێ یان دەنگ ئەدات بە ئەوانەی کە ئەبن بە نوێنەری گەل لە پەرلەماندا، ئەم جۆرە دیموکراسیە ناو ئەنێم (راستی رلستی دیموکرلسی)، ئەم جۆرە دیموکراسییە مومارەسەی چەند سستمێکی هەڵبژاردن ئەکات کە دیارترینیان سستمی لیستی داخراوە لە گەڵ لیستی سەرپشککردنی تاك، ئەو سستمە هەڵبژاردنەی کە براوەکانی حزبە سیاسیەکان یان سەرۆکەکانیان سەرپشك ئەکات بۆ ئەوەی نوێنەری گەل هەڵبژێرن.

سێیەم: شێوازی هەڵبژاردنی تێکەڵ، ئەمەیان کۆکردنەوەی هەردوو شێوازەکەی پێشووە، ناوی لێ ئەنێم ( ناوندی راستی دیموکراسی) ئەمەیان رێگا ئەدات بە دەنگدانی راستەوخۆ بەو کەسانەی کە خۆیان کاندید کردووە (وەك کەس) بە شێوەیەکی راستەوخۆ، هەروا دەنگ دان بە ئەو حزبو قەوارانەی بە لیستی داخراو یان کراوە بەشدارییان کردووە.

ئەوی لەم روونکردنەوە ساکارەدا گرنگە جەختکردنی رلستییە لە سەر ئەرزی واقیع، چونکە لە سایەی سستمی دیکتاتۆریەتدا دیاردەی مەکیافیلی هەیە، (مەکیافیللی خاوەنی (کتێبی میر) ئامۆژگاری کەسانی دەستلاڵتدارانی حوکمی ئەکرد دەربارەی چۆنیەتی مانەوەیان لە سەر حوکمو بەردەوام بوونیان تیایا)، هەروەها زانستی سستمی هەڵبژاردن بۆ مانەوەی دەستەلاڵت یان دەستەلاڵتدارەکان کاریگەری هەیە لە سایەی سستمی دیموکراسیدا( بە چاوپۆشین لە خەوشو چاکەکانی ئەوسستمەی هەڵبژاردن) لەسەر گریمانەی پرۆسەی هەڵبژاردن، زانستی سستمی هەڵبژاردن بالاڵترین ئلستە کە بەرەوپێشچوونی یلسای دەستوور پێی گەیشتووە لە هەر ولاڵتێکدا بێت.

ئەگەر مەکیافیللی لە کتێبەکەیدا کەسانی دەسەلاڵتداری ئاراستەی رێگاکانی کێبەرکێی نەیارەکانیانی کردووە کە چۆن لێیان بەرنەوەو سەرکەون بەسەریاندا بەو شێوازانەی کە لەوانەیە (ناشرینیش بێت)، بەلاڵم زانستی سیاسەتی هەڵبژاردن لەم بوارەدا لە بالاڵترین ئلستدایە. زانستی سیلسەتە بەراستی .

بەپێی ئەم بنەمایانە سستمەکانی هەڵبژاردن بەپێی گۆڕانکاریە سیاسیو کۆمەلاڵیەتیو رۆشنبیرییەکان ئەگۆڕێن، ئەو سستمی هەڵبژاردنەی کە بەکەڵکی پراکتیزەکردن دێ لە ولاڵتێکی دیاریکراودا، بەلاڵم لەوانەیە بەکەڵکی ولاڵتێکی تر نەیەت لە رووی شوێنو کاتەوە.

ئەوی دوێنێ پراكتیزە ئەكرا لەوانەیە ئەمڕۆ بە كەڵكی پراكتیزەكردن نەیەت، ئەوی ئەمڕۆ پراكتیزە ئەكرێ لەوانەیە بۆ سبەی بەكەڵك نەیات، لەوانەش زیاتر ئەوەیە ئەم سستمی هەڵبژاردنە كە تەشریعكردن رێكی ئەخات لەوانەیە بەكەڵكی رێكخستنەكانی هەڵبژاردنەكانی (مەحەلیو شارەوانی) نەیەت، ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی كەوا پێوەرو پێداویستیو گرنگییەكانی ئەنجومەنی تەشریعی لە گەڵ ئەوانی مەحەلیو شارەوانییەكاندا جیاوازە، (یاسای نەگۆڕ) ی سستمەكانی هەڵبژاردن نییە، بەڵكە پرەنسیپی نەگۆڕ هەیە، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ كەوا نموونە حازربەدەستەكانی هەڵبژاردن پراكتیزە بكەین لەبەر ئەوەی بەسەركەوتوویی لە هەندێ كۆمەڵگادا پراكتیزە كراون، چونكە لەوانەیە لەهەندێ كۆمەڵگای تردا بەكەڵكی پراكتیزەكردن نەیەن، بە پێچەوانەوە هەر وڵاتێك یان هەر كۆمەڵگایەك ئەتوانێ سستمێكی هەڵبژاردنی وا دابهێنێ كە بتوانرێ پێداویستیەكانیان دابین بكات، با ئەو شێوازەش لە هیچ شوێنێكی تردا نەبێت بەمەرجێ لە گەڵ پرەنسیپە گشتیەكان لا نەدات‌و لە گەڵ مافەگشتیەكانی مرۆڤ‌و رەوایی دەستووردا بگونجێ، لە هەمانكاتدا پێویستە ئێمە لە ئلست شارەزایی ئەوانی تردا حەساسیەتمان نەبێت ئەگەر هات‌و تا رادەیەك لە گەڵ بیركردنەوەی ئێمەدا لەیەك چوون، (ئەوی ئەیەوێت چەكێك دروست بكات مەرج نییە پێویست بكات كە ئەبێ لە هەمانكاتدا باروتیش دروست بكات)، بەڵكو لەوێوە دەست پێ ئەكات كە ئەوان تەواویان كردووە.

**پرەنسیپەكانی تەشریعكردنی سستمی هەڵبژاردن:**

بۆ ئەوەی سستمێكی گونجاوی هەڵبژاردن تەشریع بكرێ كە بەرژەوەندیەكانی حزبە سیاسیەكان‌و هێزە سیاسییە كاریگەرەكان رەچاو بكات بە مەبەستی بەدەستهاتنی بەرنامەی سیاسیو پەرەپێدانی، لە هەمانكاتیشدا نابێت لە ئیدارەی حكومەتدا هەژموونی حزبایەتی بكات‌و ئەبێت رەچاوی فاكتەرەكانی ژینگەی ناوەوەی كۆمەڵگا بكات بۆ ئەوەی پەرلەمان تیشكدانەوەی نوێنەرایەتی كۆمەڵگای بونیەوی هەبێت، ئەكرێ گرنگترینی ئەم پرەنسیپانە لەمانەی خوارەوەدا كۆبكەینەوە:

1-زامنكردنی نوێنەرایەتی بەپێی شوێنی جوگرافی گشت دەوڵەت‌و كارئاسانی هەڵبژاردنەكان بۆ كاندیدكراوە لێوەشاوەكان بكرێت.

2-زامنكردنی ئایدیۆلۆجیا جیاجیاكان‌و جۆری كۆمەڵ‌و چینەكان بەشێوەیەكی لۆجیكیانەو بەبێ توندو تیژی.

3-زامنكردنی بەجێگەیاندنی شەرعیەتی دەستوور بۆ دەسەلاتە هەڵبژاردراوەكان.

4-زامنكردنی حكومەتێكی بەرهەمهێنی چالاك.

5-گەشەپێدانی هەستكردن بە بەرپرسیاریەتی لای نوێنەران‌و حكومەت.

6-زامنكردنی نوێنەرایەتی سیاسی هەموو پێكهاتە سیاسیو كۆمەلایەتیو بێلایەنەكان.

7-ئەفراندنی ئۆپۆسزیۆنێكی پەرلەمانی كاریگەر.

8-رەچاوكردنی توانای داراییو زانستیو ئیداری وڵات.

9-هەوڵی بەدەسهاتنی هەماهەنگی بدرێت لەنێوان حزبە كێبەركێكان یان پێكهاتە ناكۆكەكان.

لەم روانگەیەوە ئەگەر بێت‌و هەوڵ بدەین نێوان باری سیاسی كۆمەلایەتی عێراق‌و پێوەرە پێویستەكانی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرایەتی بەیەكەوە ببەستینەوە ئەگەینە سستمێكی گونجاوی هەڵبژاردن بۆ عێراق، ئاشكرایە عێراق دەوڵتێكە بە پلەیەكی زۆر بەدەستی كەمی خزمەتگوزاریو بە تایبەتی كەمتوانایی ژێرخانیەوە ئەناڵێنێ، هەموو پارێزگاكانی وڵات پێویستیەكی زۆریان بە خزمەتگوزاریو پلانی گەشەكردن هەیە، لەهەمانكاتدا دەوڵەتی عێراق سستمێكی نامەركەزییە بە پێی دەستور، هەموو دەسەلاتەكان لە نێوان سەرۆكایەتی كۆمارو سەرۆكایەتی وەزیران‌و سەرۆكایەتی هەرێمەكان‌و پارێزگاكاندا دابەش كراون، سەرەڕای هەموو ئەمانە دەوڵەتی عێراق بەزۆری بەرەنگاری رووبەرووبوونەوە ئەبێت چ لە ناوەوە یان لە دەرەوە كە ئەمەش وا ئەكات پیویست بە بوونی ئەو نوێنەرانە بكات كەوا دیدێكی نشتمانی دەستە جەمعی تەواویان هەبێت، كە بەزۆری لە ناو ئەو نوێنەرانەی لە هەڵبژارنە تاكەكاندا بەدی ناكرێ، ئەی ئەبێ چۆن ئەم ئیشكالیەتە چارەسەر بكەین؟

ئایە سستمی لیستی داخراو یان تا ڕێژەیەك كراوە یان سستمی كاندیدی تاك چارەسەری ئەم ئیشكالیەتە ئەكات؟

با تەماشای هەندێ چاكی و خراپی ئەم سستمە بكەین، بێگومان هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ دیموكراسیدا زیاتر گونجاوە، چونكە دەنگدەر بە هەموو ئارەزووی ئیرادەی خۆی دەنگ بە كاندیدەكان ئەدات بەبێ ئەوەی هیچ (وەسیتێكی) هەبێت، كە ئەمەش وا لێ ئەكات گرنگی زیاتر بدات بە مومارەسەكردنی سیاسیی و بەشداریكردن لە پرۆسەی هەڵبژاردنەكاندا.

جیاوازییەكانی شێوازی هەڵبژاردن بە سستمی كاندیدی تاك:

1- **ئاسانە**.

2- **دەنگدەر ڕاستەوخۆ كاندیدەكە ئەناسێت**.

3- **كاندیدكراو كێشەكان و پێداویستییەكانی بازنەی هەڵبژاردنەكان بەوردی ئەزانێت**.

لە هەمانكاتیشدا ئەم شێوازی سستەمەی سەرەوە واتە (كاندیدی تاك) ئەم خەوشانەی خوارەوەی هەیە:

1- دیكتاتۆریەتی دەنگدەر، چونكە دەنگدەر كاندیدەكەی خۆی بەپێی فاكتەری كەسی و مەحەلی هەڵئەبژێرێ كە ئەوەش ئەبێتە هۆی ئەوەی ئەو نوێنەرە بەپێی ئارەزووی دەنگدەرەكان هەڵس و كەوت بكات بۆیە ئەبێ ملكەچی خواستی دەنگدەرەكانی بێت، ئەگەرچی لەگەڵ بەرژەوەندییەكانی دەوڵەتیشدا نەبێت لە هەموویاندا، كە هەوڵی گرنگی ڕازیكردن و بەدەستهاتنی بەرژەوەندی مەحەلی بەرتەسكی خەڵكی ناوبازنەكەی خۆی ئەبێت.

2- نوێنەر ئەبێت بە بریكاری دەنگدەرەكانی و بەجێ گەیاندنی بەرژەوەندییەكانیان لەبەردەم وەزیرەكان و دەستگاكانی دەوڵەتا، كە ئەوەش ئەبێتە هۆی لاوازبوونی ڕۆڵی چاودێری و مومارەسەكردنی مافی پێشكەشكردنی لێپرسینەوەو داواكردن بە لابردنی ئەو وەزیرانەی ئەو خزمەتگوزاریانەیان پێشكەش بە كەسانی ناو بازنەكەی خۆی هەبووە.

3- لاوازكردنی حزبەكان لە سەر حیسابی بێلایەنەكان، ئەوانەی بەزۆری دیدی سیاسی ڕۆشنایان نییە.

4- نەبوونی بەرنامەی هەڵبژاردنەكان و زاڵبوونی دیدی پاڵێوراوانی مەحەلی بەسەر دیدی نشتمانیدا.

5- بەئاسانی و ڕاستەوخۆ دەستوەردان ئەكرێ كە ئەویش كاریگەریی زۆری لەسەر هەڵبژاردنەكان ئەبێت و كاری ساختەكاری ڕوو ئەدات.

6- تەرخانكردنی هەژموونی بنیات و پێكهاتە تەقلیدیەكانی كە بە پێی داب و نەریتی ئینتمای خێڵەكی یان عەشیرەتگەری هەڵ ئەبژێردرێن، ئەوانەش ئەبنە هۆی لەمپەر خستنە بەردەم گەشەی دیموكراسی، تەنانەت باوە كە هەندێ لە گوندەكان لە ڕووی دەنگەوە قفڵ ئەدرێن بۆ كاندیدەكانی كەسانی خۆیان، ئەوەش بۆ كاندیدەكانی شار بەدی نایات.

7- هەروا بچووكی قەبارەی بازنە ئەبێتە هۆی دەستوەردانی كەسانی خاوەن كار بە كڕینی دەنگ بە پارە یان بە زۆری هەڕەشەو گوڕشە.

8- بەزەحمەتبوونی نوێنەرانی هەندێك كۆمەڵ و پێكهاتەی سیاسی.

**جیاوازیەكانی شێوازی هەڵبژاردنی لیستی داخراوی ڕێژەیی ئەمانەی خوارەوەن:**

پەسەندنكردنی كاندید لەم شێوازەدا لەسەر بنەمای پرەنسیپ و میتۆدی سیاسی و حزبی ئەبێت، نەوەك لەسەر بنەمای گرنگی و ڕێزداریی كەسایەتیەكە، ئەمەش ئەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی هۆشیاری سیاسی گەلو گرنگیدان بە دۆزەكانی نشتمان، هەروا ئەبێتە هۆی بەهێزكردنی حزبە سیاسیە چالاكەكان لەناوچەكەدا.

1 بەهێزكردنی هەڵوێستی نوێنەرەكان لە بەردەم حكومەتدا كە ئەتوانی مومارەسەی ڕۆڵی چاودێر بكات و ڕۆڵی مومارەسەكردنی مافی پێشكەشردنی داخوازییەكانی لێپرسینەوەو میوانداری وەزیرە كان ببینێ.

2 ڕاگرتنی دەستوەردان بە مەبەستی نابووتكردنی ئیرادەی دەنگدەران یان كاریگەریی لەسەریان بە پارە لە ئەنجامی گەورەیی بازنەكانی هەڵبژاردنداو لە ئەنجامی پشتبەستن بەدەستگرۆیی حزب نەوەك دستگرۆیی تاك.

4-لاوازكردنـــی كاریگـــەریی ئینتمـــای خێڵایـــەتی یـــان عەشیرەتگەری كـە ئەبنـە هـۆی كۆسـپ لـە بـەردەم گەشـەی دیموكراسیدا.

5-زامنكردنـــی گـــەورەترین دەرپـــەڕوەری كـــە ئـــەویش بـــە فیڕۆنـــەدانی دەنگەكانـــە كەبەســـەر كورســـییەكاندا دابـــەش ئەكرێن بە پێی ئەو دەنگانەی بە دەستیان هێناوە.

6-پێـدانی زۆرتـرین بـوار بـە نوێنـەرانی هەنـدێ كۆمـەڵی باش كـە بەزەحمـەت نوێنـەریان ئـەبێ لـە سایەی شـێوازی هەڵبـــژاردن بـــە ســـستمی تـــاك ئەوانـــەش وەك ( ژن، تەكنۆكرات، پێكهاتەی ئایینی، پێكهاتە نەتەوەییەكان)..

**لەبەرانبەریشدا خەوشەكانی هەڵبژاردن بە لیستی داخراوی رێژەیی ئەمانەی خوارەوەن:**

1-كـۆنترۆڵكردنی حزبـەكان لـەدانانی لیستەكانی هەڵبژاردنـدا لەوانەیـە ببێتـە هـــۆی ئـــەوەی كـــە بـــە خراپـــی دەســـتەڵاتەكانیان بـــەكاربهێنن بـــۆ دەســـتبژێركردن(اختیـار)، كـە حزبـەكان هـەوڵ ئـەدەن بەسـەریدا زاڵـبن، ئـەویش بەگربوونـەوەی هەڵبـژاردنی حـزب لـە نـــاو هـــەموو بازنەیەكـــدا بـــۆ دەســـتبژێركردنی نوێنـــەری حـــزب لـــە لیستەكەدا.

1-ئەگـەری هەڵخەڵەتانـدنی جـەماوەر بـە دانـانی هەنـدێ لـەو رەمزانـەی كـەوا نفـووزی میللیـان هەیـە لەدەسـتپێكی لیستەكەداو ئـەنجا بـە كەسایەتییە كـەم تواناكان لیستەكە پڕ ئەكەنەوە.

2-لەناوچـوونی مـافی دەنگـدەر سـەبارەت بـــە دەســـتبژێردكردن لـــە ئـــەنجامی نـــەبوونی توانـــای هەموارکردن لـە لیسـتەكەدا بـۆ زیـادكردن یـان لابـردن یـان سەرلەنوێ ریزبەند كردنەوە.

3-بەزەحمـەتبوونی كـاری دەنگـدەر بـۆ هەڵبـژاردن لـە ئەنجامی بەرفراوانی بازنەكدا.

4-بـەكارهێنای حزبایـەتیو سـەپاندنی حزبایـەتی بـەزۆری، ئەبێتـە گرفتو ریگر لـە بـەردەم ئـەو نوێنەرانـەی كـە سـەر بە حزبێكی دیاریكراون تـا نـەتوانن بـە ئازادی گوزارشـت لـە بیرو رای راستەقینەی خۆیـان بكەنـەوە لـە نـاو گوومـەزی پەرلەماندا یان لەكاتی پرۆسەكانی دەنگداندا.

**مـــــەكیافیللی لـــــە كتێبەكەیـــدا كەســـانی دەســـەڵاتداری ئاراســـتەی رێگاكـــانی كێبـــەركێی نەیارەكانیانی كردووە كـە چـۆن لێیـــان بەرنـــەوەو سەركەون بەسەریاندا بـەو شـێوازانەی كـە لەوانەیـە (ناشرینیش بێـت)، بـەڵام زانـــستی سیاســـەتی هەڵبژاردن لەم بوارەدا لـە باڵاترین ئاستدایە**

هەر وەكو پێشتر باسمـان كـرد چاكترین سستمی هەڵبـژاردن ئـەو سـستمەیە كـەوا لایـەنی چاكی زۆرتـر بێت لەلایـەنی خراپیـــەكانی، واتـــە خەوشـــەكانیو بەكـــەمترین تێـچوو(كلفـە)و خەسـارەت، هـەروا لانـی كـەمی خواسـتو ئارەزووەكـانی دەنگـدەرەكانو خواسـتو ئارەزووەكـانی حزبو هێزەسیلسیەكان بەدەست بێت.

بـە گەڕانـەوە بـۆ پێـشنیاری پێـشوو دەربـارەی شـێوەی پەســـەندكردنی ســـستمی هەڵبـــژاردن، سستمی هەڵبـژاردنی تێكـەڵ كـە لـە سـستمی ئـەڵمایاوە نزیكـە لەبـەر ئـەوەی تێكەڵەو لـە هەمانكاتـدا جیـاوازە لـە گـەڵیا لەبـەر ئـەوەی دیموكراسـیەتی زۆرتـرە، ئـەویش لەبـەر دوو هـۆ: سـستمی ئـەڵمانی سـستمی لیـستی داخـراو بـەكار ئـەهێنێ (بـەنیوەیی) لە گەڵ كاندیدی تاكدا، بـەڵام سـستمە پێـشنیار كراوەكـەی ئێمە لیستی كـراوە بـە كـار ئـەهێنێ، بۆیـــە بەشـــداریكردن لەگـــەڵ كاندیـــدی تاكـــدا(بـــەنیوەیی نییـــە)لێـــرەدا مەبەســـت لـە(بـەنیوەیی) سـستمی ئـەڵمانیو ســستمەكانی تــرە وەك: رووســیاو ئۆكرانیـــا كورســـیەكانی پەرلـــەمان دابـــەش ئەكەنـــە ســـەر لیـــستەكە ریـــژەی 50٪، بـــۆ حزبـــەكانو رێـــژەی50٪ كـــەی تـــریش بـــۆ كاندیـــدی تـــاك، لەبەرئـــەوەی هەڵبژاردنـەكان بەیـەك قۆناغـە، هـەروا سـەبارەت بـە دابەشكردنی لـە وڵاتێكـەوە بۆ وڵاتێكی تـر جیاوازە، لـەو وڵاتانـەی باسمـانكردن لـە سـەرەوە یەكسانەو رێـژەی كورسـییەكانی تـاك لـە وڵاتـانی وەك ژاپـۆن، مەكسیك، ئیتالیـا زیـاترە، بـەڵام لـە وڵاتـانی وەك كۆریـای بلشـورو جۆرجیـاو فەلەسـتین رێژەكـەی نـزمترە، بـەڵام لـە پێـشنیاری سـستمی تێكـەڵی

كراوەدا بەشى هەردوو سستمى بەشداربوو ديارى نەكراوە لەم سستمەدا لەبەر ئەوەى هەڵبژاردنەكان بە دوو قۆناغە هەروەكو لە بابەتەكانى پێشوودا باسمانكرد.
مومارەسەكردنى ديموكراسى لە عێراقدا لە ماوەى چوارسالّى رابردوودا، كە گرنگترينى هۆشيارى راگەياندن‌و شۆڕشى ئازادى راگەياندنە لە عێرق‌و مومارەسەكردنى ديموكرلسييە بە فيعلى، لە سالّى 2005 ئەو موماڕەسەكردنە لەسەر ئاستى دام‌و دەستگاكان‌و رێكخراوە پيشەييەكان‌و ئايينيەكان پراكتيزە كرا، هەروا تياژيان‌و تێكەڵبوونى گەلى عێراق لە هەردوو خولى پەرلەمانى هەڵبژێردراواو موعايەشەكردنى دەستاودەستى (تداول) ئاشتيانەى دەسەلاّت لە سەردەمى سێ وەزارەتى عێراقدا لە كۆمارى عێراقى چوارەمدا، هەموو ئەمانە هۆشيارى سياسى بالاّى دەنگدەرو شەقامى عێراقى دروست كرد كە بتوانێ راستەوخۆ دەنگى خۆى بدات بە پێى سستمى هەڵبژاردنى تێكەڵى كراوەى پێشنياركراو، بەم بۆنەيەوە ئەمەوێ هەنديك لابدەم، سستمى هەڵبژاردن لە هەردوو ئەزموونەكەى پێشوودا، سستمى تێكەڵ بوو، بەلاّم بەليستى داخراو (ياسا دانەر) چاكى كرد كەوا كاتى خۆى ئەم شێوازى هەڵبژاردنەى پێش سێ سالّ تەشريع كرد، ئەوەش لەبەر ئەوەى يەشتان بيرى ديموكراسى بە جوانى جێگير نەبوو، چونكە ئەزموونەكە جارێ نوێ بوو، تەنانەت شێوازى يەك بازنەى هەڵبژاردن دياريكرا لە هەڵبژاردنى يەكەمداو پاش سالّێك ئەم شێوازە هەمواركراو كرا بە چەند بازنەيك كە ئەوەش ئەگەڕێتەوە بۆ هەمان هۆى سەرەوە.
پێشنيارى شێوازى سستمى هەڵبژاردنى تێكەڵ بە دوو قۆناغ چارەسەرێكى پەسەندە بۆ ئەم قۆناغەى ئيستا لەبەر چەند هۆيەكو جياوازييەك:

**هەر ولاّتێك يان هەر كۆمەڵگايەك ئەتوانێ سستمێكى هەڵبژاردنى وا دابهێنێ كە بتوانرێ پێداويستيەكانيان دابين بكات، با ئەو شێوازەش لە هيچ شوێنێكى تردا نەبێت**

1- ئەم سستمە زياتر ديموكراسيە لەبەر ئەوەى بوارى زياتر بە دەنگدەران ئەدات كە نوێنەرەكانى خۆيان بە ئازادى هەڵبژێرن بە شێوەيەكى راستەوخۆ، تەنانەت لە ليستە حزبيەكانيشدا.
2- ئەگەرى سەنگەرگرتنى تايەفەگەرى كەم ئەكاتەوە.
3- ئەم سستمە خواستى حزبە بەشداربووەكان فەراهەم ئەكات، چونكە هەردوو ئەزموونەكەى پێشوى هەڵبژاردنەكان لە عێرق سەلماندى كەوا بوارى بردنەوەى كانديدە تاكەكان زۆر كەمن، بەڵكو هەر نەبوو لەو دوو ئەزموونەى باسكران، ئەوەش بوارى زۆرتر بە حزبەكان ئەدات كە رۆڵى زياتر ببينن لە ئەنجامى هەڵبژاردنەكاندا.
4- رێگا بە سەركردەى حزبەكان نادات بە ئارەزووى خۆيان هەڵس‌و كەوت بە ناوى كانديدەكانى ليستەكانيان بكەن، لەلايەكى ترەوە لە كۆڵى شەرمەزاريان ئەكاتەوە لە ئاستى كانديدەكانيان كە بە پێى ريزبەندى ناوەكان لە ليستى داخراودا ديان بنێن.
5- بوارى زياتر ئەرەخسێ بۆ نوێنەرانى جۆرى ژنان لەناو پەرلەماندا لەوانەى كە پلەى زانستى‌و رۆشنبيرى‌و كۆمەلاّيەتى بالاّيان هەيە، رێگا لە خزم خزمێنە ئەگرێ بۆ كانديدكردنى ژنان لە ناو حزبەكاندا لە ليستى هەڵبژاردندا، هەروەكو لە هەڵبژاردنەكانى پێشوودا رووى دا.
6- ئەم سستمە بەرپرسياريەتى زياتر ئەخاتە ئەستۆى دەنگدەرى عێراقى‌و واى لێ ئەكات زياتر سوور بێت لە ئلست كانديدە شياوەكان بە فيعلى‌و داواى لێ ئەكات كە دەنگ بدات بەو پرۆگرامەى لە كەسێك زياترى تێدايە.
يەشتان چەند جياوازيەكى هونەريى تر هەن كە بوارى ناوبردنيان نييە لێرەدا:

هەروەكو وتمان لە هەموو جیهاندا هیچ سیستمێكی هەڵبژاردنی نموونەیی نییە، بە بڕوای من ئەو خەوشەی كە ئەم سیستمە هەیەتی هەمان خەوشەكانی سیستمی كاندیدی تاكو سیستمی لیستی داخراوە، بەلاٌم بە ڕێژەیەكی كەمتر بەهۆی دیاریكردنی ژمارەی كورسیەكان بە نیوەیی لە نێوان هەردوو سیستمی پێكهاتەی سیستمی تێكەڵدا، هەروا لێرەدا لیست كراوەیە نەك داخراو، خەوشێكی تریش هەیە كە ئەویش تێچوونی(كلفە) داراییە بۆ یەك دەنگ لەبەر ئەوەی هەڵبژاردنەكان بە دوو قۆناغ بە ڕێوە ئەچن.

كاتێ كە بەراوردی چاكیو خراپی ئەم سیستمە ئەكەین، ئەبینین تای ترازووی چاكەكانی زیاترە لە تای خراپییەكانی.

لێرەدا سەرژمێری پراكتیزەكردنی بەناوبانگترین سیستمی هەڵبژاردن لە جیهاندا ئەبینینەوە لەگەڵ ڕێژەی جێ بە جێكردنیدا.

لەكاتی گواستنەوە بۆ سیستمی تێكەڵ –(كراوە) عێراق یەكەمینو دوایەمین دەوڵەت نییە كە سیستمی هەڵبژاردنەكانی بگۆڕێ، لەم سالاٌنەی پاش جەنگی سارد 27 دەوڵەت سیستمی هەڵبژاردنەكانی خۆیان گۆڕیوە بەم شێوەیەی خوارەوە:

1- پێنج دەوڵەت لەشێوازێكەوە بۆ یەكێكی تر لە خێزانی سیستمی زۆرینەدا.

2- حەوت دەوڵەت لە سیستمی زۆرینەوە بۆ سیستمی تێكەڵ.

3- پێنج دەوڵەت لە سیستمی زۆرینەوە بۆ سیستمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی.

4- یەك دەوڵەت لە شێوازێكەوە بۆ یەكێكی تر لەناو سیستمی تێكەڵدا.

5- دوو دەوڵەت لە سیستمی تێكەڵەوە بۆ نوێنەرایەتی ڕێژەیی.

6- چوار دەوڵەت لە سیستمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی بۆ سیستمی تێكەڵ.

7- یەك دەوڵەت لە سیستمی یەك دەنگی نەگۆڕ بۆ سیستمی تێكەڵ.

لەم هەموو گۆڕانكاریانەدا هیچ گۆڕانێك لە سیستمی ڕێژەییەوە یان سیستمی تێكەڵەوە بۆ سیستمی زۆرینە ڕووی نەداوە.

ئەمەش ئەوە ئەگەیەنێ كەوا سیستمی زۆرینە بەرەو نەماوە كە پێشان لە جیهاندا پەیڕەو ئەكرا، دیسان واتە جیهان زیاترو زیاتر بەرەو سیستمی تێكەڵ یەكەمو سیستمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی ئەڕوات دووەم، ئەوی پێشان كارمان پێ ئەكرد...

ڕۆژنامەی( الصباح)